السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئیبلیس عەرشەکەی لەسەر ئاو دادەنێت، پاشان کۆمەڵەکانی دەنێرێت، نزیکترینیان لێیەوە لە ڕووی پلەوە ئەوەیە کە زۆرترین فیتنە وخراپە دەنێتەوە

له جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیبلیس عەرشەکەی لەسەر ئاو دادەنێت، پاشان کۆمەڵەکانی دەنێرێت، نزیکترینیان لێیەوە لە ڕووی پلەوە ئەوەیە کە زۆرترین فیتنە وخراپە دەنێتەوە، یەکێکیان دێت ودەڵێت: ئاوا وئاوام کرد، (ئیبلیس) دەڵێت: هیچ شتێکت نەکردووە، پاشان یەکێکی تر دێت ودەڵێت: جێم نەهێشت هەتاوەکو لە هاوسەرەکەی جیام کردەوە، (ئیبلیس) نزیکی دەکاتەوە ودەڵێت: تۆ باشت کردووە»، ئەعمەش دەڵێت: پێم وابێت ووتی: «وباوەشی پێدا دەکات -یان -لە خۆی نزیکی دەکاتەوە-».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئیبلیس عەرشەکەی لەسەر ئاو دادەنێت -ئەمیش ئەو شوێنیە لەسەری دادەنیشێت-، پاشان کۆمەڵەکانی دەنێرێت لە جنۆکەکان بۆئەوەی خەڵکی گومڕا بکەن وتووشی فیتنەیان بکەن، نزیکترینیان لە ڕووی پلەوە لە ئیبلیس ئەوەیانە کە زیاتر خەڵکی گومڕا دەکات، یەکێک لە شەیتانەکان دێت وبە ئیبلیس دەڵێت: ئاوا وئاوام کرد، واتا فەرمانی دزی کردن وئارەق -مەی- خواردنم پێیکرد، وئیبلیس پێی دەڵێت: شتێکی گەورەت نەکردووە، هەتاوەکو یەکێک لە شەیتانەکان دێت وبە ئیبلیس دەڵێت: فڵان کەسم جێنەهێشت هەتاوەکو ناکۆکیم خستە نێوان خۆی خێزانەکەی وتەڵاقی دا، بۆیە ئیبلیس لە خۆی نزیکی دەکاتەوە وباوەشی پێدا دەکات ودەڵێت: (تۆ باشت کردووە) واتا: تۆ هیواکەی منت بەدیهێنا لە گومڕاکردنی خەڵکی ولە ڕێ لادانیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10569

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee